کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-12-2006 12:53

## جەنگت دۆڕان... هەستیار غەمگین

پێشکە شەبەو جەنگاوە رە دۆڕاوەی لە مەیدانی عیشقدا شمشێرە کەی فڕێداو ڕووتا ریکی هەنگاوی نا.



پە شیمان نیم کەئێستاکە
نە سیمی عەتری ووشەکانم
بەرەو کراسی هەستەکانت
هانم نادات
پەشیمان نیم کەرِوە باڵندەی
ئەندێشەم
بەرەو جەنگەڵی سیمای تۆ
لە باڵ نادەن
لەم وشکە ساڵی عیشقەدا
هەوری ئەسرینە کانم
لەباران کەوتوون و..
چەمی هەنگاوە کانم
بەرەو کەناری دەریاچەی تۆ
ووشکیان کردووە
تۆئەی کچی ووڵاتی قەهروو
مەملە کەتی سەرابەکان
پەشیمان نیم سی بە هارە

تەیرە عەبابیلە ی عیشقم
ڕوولە منارەکانی دڵی تۆناکەن
بۆچێکردنی لانەیەك لەئەوین
ئەی کچی دەڤەری قەهرو
ووڵاتی سەراب و وە هم
پلیکانەکان هەڵگرەوەو
دەرگاکان داخە
دڵی تۆشەمەندە فەرێك نیە
بۆگەییشتن بەدواوێستگەی
ئاسوودەیی
پردەکانت بروخێنە
ووڵاتی لانە یەك نیە
بۆپەڕینەوەی
گەریدە بی هیواکان
کەی تەلۆزگە ڕێکەوتن دەناسی؟
قەفەز کوالەووشەی ئازادی تێدگات؟
تۆبە پێکەنینی کۆتر نامۆی

ئەی کچی ئەشکەوتی نووتەك
کەی (شەمشەمە کوێرە)
هێمای ڕۆشناییە؟!
ئاخرتۆگشت مو جیزەکان
بە هەڵەتەئویل دەکەی
تۆئامێزبەسێدارەو
راموسان بەئەشکەنجەو
ماچ بەپشکۆو
ڤینۆس بەجەللاد دەناسی
تۆبەڕەشەبای قەهرونەفرەتت
پەپولەغەوارەکانتسوتاند
بەهای چی یە نازنازو پاتۆنیا
لەبەردەم پەنجەرەکەتدا
گریشمەبکەن؟
تۆسەرابی و لەڕشەباو لم پێك هاتووی
ئیدی چۆن لەڕەنگی
پەلکەزێڕینە تێدەگەی؟!
تۆگەر ڕیحانەت بەسۆزەوە بۆنکردایە
چۆنتێکرای هەنگی باخچەکەتان دەکوشتو
سەمفۆنیاکانتدەخنکاند؟!
تۆرووحت لەگەڵ ژێی کەماندا بگریایە
بۆدەبوویتە جەللادی
پەپوولەو گوڵ وووشەو پاساری؟!
من لەهەموودیدارەکاندا دەمووت:
(گۆرانی گریانی عاشقەو مۆسیقا ش
فرمێسکەکانیەتی)
تۆش قاقا پێدە کەنیت و
دەت ووت:
(عیشق تۆپی دەست منالێکەو
بەکەیفی خۆی گەمەی پێدەکات)
کاڵفام بویت کاڵفام
عیشق زۆر لە وە چڕ تربوو
تۆبتوانی ڕاڤەی بکەی
تۆئەوکات جەنگت دۆڕاند
کەپشتت لەپەپوولە کرد
چراوگی عیشت فڕێداو
ڕووەو تاریکی هەنگاوت نا

جەنگت دۆڕاند... دۆڕاندت جەنگ. !! 3 /7 /2005
ژیانەوەیە ك بی تۆ..
پێشکەشە: بەو پەپوو لە رووح سو کە ی لە ئێوارە یەکی ووشکە ساڵێ بە هاردا سەری نایەوە
وبۆ ئەبد لێم ئاوابوو!!
دووبارەگوڵەکان بەماچی شەونم
ژیانەوە.
دووبارەگوڵەکان بەماچی
شەونم ژیانەوە
درەختەکان شەلاڵ بوون لەسۆزی باران
گەڵاوخەڵافی تازەدەگرن
چەمەکان پڕن لەهاژە ولەتاسەی زیغ
مزگەوتەکان لێورێژبوون لەتەقوای عارف و
تەکیەکان لەقەسابخانەودەروێش
کەنیسەکان لەرامیبەی بەدمەست و
لەسنەوبەری زەخرە و
لەمۆسیقای هەمەچەشن
لەشەوا ندا... ئاسمان جلوەی دی لەئەستێرە و
لە زستاندادەریاکان پڕن لە هە ناسەی هەورو
لەسەمای ماسیەکان
ئاوێنەکان پڕن لەڕووناکی مە خزاو
لە سیمای کچە عاشقەکان
گۆڕەکانی بانکی زیندە گی
بەگوێ ی ئەم چاخەدا ئەدەن
مەزراکان لەوە رزی یەئسا
بەبارانی ئەمەل شادئە بەخشنەوە
جێژوانەکان پر لەهەناسەوشادی و
لەتاسەیماچیخۆشنودی و
لەبۆنیکراسی شیفۆن و
لەنۆژەن کردنەوەی عیشق و
لەسۆناتای هانکی ڕموسان
شەقامەکان لەترپەی پێ ی ڕێبوارانداو
گوێسەبانەکان
لەجریوەی پاساری
چێژ وەرئەگرن
وەلێ ئەفسوس
ئەوەی نایەتە بەردیدەم سیمای تۆیە
ئەوەی کەدەنگی ناژنەوم دەنگی تۆیە

چ بەهانەیەکی ژیان کەتۆ گازم نەکەی بۆماچ
خودایەبمبەخشەبەمیهری خۆت
نەمتوانی لە ڕەنگی سیمای
کەڤاڵێك لەسەرلەوحەی دڵ بنەخشێنم
نەم توانی پیری موغانی تەکیەکەی بم
زیکرو تەهلیلەی عاریفان بڵێمەوە
سی ساڵ ڕ ۆیی وگوزەشتیکرد
پەیڤێکم نەبوو بۆ ووتن
شیعرێکم بۆبالآی
ماچێکم نەبوو بۆیادگار
لەنێو بازاڕدا ئەگەڕێم
لەسەر مانشێتی ڕۆژنامەو
ناونیشانی کتێبەکان
لەنێودەقی شیعرەکاندا
لەقەرتاسیەو کتێبخانەو
دووکانی پێڵاوفرۆشەکاندا
لەسەرشۆستەو شەقامەکاندا
بۆتئەگەڕێم..
لەبازاڕی ئافرەتاندا
لەنێوبەرامەی کەمالیات و
عەترفرۆشاندا ئەگەڕێم
ئەڵێم تۆبڵێ ی کام عەترە
بۆنی لەپرچت خۆشتربێت
کام سوراوە لەلێوەکانت تۆختربێت
لەبازاڕی بەقالآنداچاولەسەرسێوو پرپەتەقاڵ
ناگوازمەوە ئەڵێم بەڵکو شوێن پەنجەی تۆیان لەسەربێت
خودایە دەهری بوم دەهری
دەهری لەخۆم چەند غەشیمانە عاشقم
لەتیکتاکی کاتژمێری
دیوارەکان ولەچریکەی پاساریەکان
تۆسەراب بووی سەراب..
منیش ڕێبوارێکی ڕووتی تەنیایی بیابانم
تەنیاتر لەوخۆرەی
لەکاتی ئاوابوونیدادەستی ئەسەف
لەیەکتری دەداودەڵێ:{ئەم ئێوارەش نەگەیشتم بەمانگ }
تەنیاتر لەو ئەستێرەی بێ وزانەی
لەگۆشەیەکی ئاسمانداهەڵواسراون

تۆ.. سەراب ومنیش بەئەوکی نووساو
زمانی ووشك و لێوی ووشك
کەوتمەشوێنت..
بێهودەیە عاشق بونی هەورو
گۆرانی بۆ یەکبوونی ڕەنگەکان
ئهێی... ئەزیزم...
ئەبینم دوبارە گوڵەکان بەماچی شەونم ژیانەوە
درەختەکان شەلاڵ بوون
لەسۆزیباران گەلاو
خەڵفی تازەئەگرن
چەمەکان پڕن لەهاژە و
لەتاسەی زیخ
وەلێ ئەفسوس
ئەوەی نایەتە بەردیدەم
سیمای تۆیە
ئەوە ی کەدەنگی نابیستم
دەنگی تۆیە، دەنگی تۆیە 2003/1/10

لەحزە کانی عیشق و فیراق
پێڵوەکانت مەنوقێنە
تاکوخۆری دیدەکانت
لەئاسمانی دەڤەری ئەم جەستەیەمدا
خامۆش نەبێت
هەوری لێوە باراناوی یەکان
لەڕوی کێڵگەی لێوە ووشکەکانمدا
لامەدە
تاکووشکەساڵی فیراق
کیشوەری حەزەکانم نەسوتێنێ
دوکەڵی ڕەشی بوغوردی
کەزیە خاوەکەت
گەردنی کەپوی گرتووم و
خرۆکە بزێوە کانی دەماری جەستەم
لێوان لێو بوون لە بۆنی جووت
بۆنی هە ناسەو دووکەڵدا
چەندە کاڵبێر بووم ئەی یار
وام دەزانی ئەوهێشووە ئاورینگانەت
بۆ پێدەشتی هە لاڵە مووشتاقەکانی

دڵم هێناوە
وەلی تۆ یەك بە یەکیت دا
لە گەردنی دڕکە دزێوەکان و
منیشت ختسەگەرمەسێری پەراوێزو
هەڵوە دانی نیگایی سە را بییت
ویستم لە چە شنی سوالْکەرێك
لە دەرگای ماڵی دڵت بدەم
تا کو شیلەی کانی زارت
لەپلوسکی لێوەکانتا بخۆمەوە
وەلی ئەفسوس
تۆ دەستت بەڕوومەوەناو
چەندین داهۆڵی سانسۆرت
لەسەر ڕێگای
کلّا و کوڕەکانی عیشقم دانا
تا پەی بە مە رە زەی ناخت نەبەن
بە نەسیمی پەنجە ناوازە کانت بلْی
تا تەمی ئەو غرورە ڕاماڵی
کەڕوی شەقامیویژدانیان تەنیوە
با سیمای ئەو کالیبتۆسانەببینم
کە لە مێژە نسکۆت بە خەندە
کانیان هێناوە
گشت دەریا کان ووشکیان کرد
کەچی چاوگەی دیدە کانی من
فوارەی دێت
هەموودنیا بێتە شەختە
کورەی کیشوەری دڵی من هەر دەسوتی
ئەم چاخانە چاخی تیرۆرە!
بۆیە درەختەکانیشی
فیراق دە رن
مەزراکان بۆنی باروتیان لیدی
پەپوو لەکان سیمای گوڵکان
بەژە هر دەنۆشن
کەسێك نیە ئەدرەسی مەرقەدی
ئەو کۆترانەم بۆ بهێنێت
کە تەم توومانی قەدە رفەنای کردوون
کەسێك نیە ئەدرەسی ئەو تونێلەم بداتی
کۆرپەی دڵم لەمشتی ئەو (شەمشەمە کوێرە) یە

دەر بێنێت
کە لەمێژەلێی فڕاندووم
مەگەر تۆ ئازیز.... تەنها تۆ بتوانی 2003|6|11